**مەهاباد قەرەداغی**

## لە ڕۆژی ژندا یادێک لەو ژنانەی کە ڕۆژیان نییە

ڕۆژ تەنها کات نییە و، تەنها بریتی نییە لە ماوەیەک کە مەوداکەی بیست و چوار کاتژمێرە. لە فەرهەنگی زماندا ڕۆژ یەکسانە بە خۆر، هەتاو، خاوەر، تاو کە هاوواتای ئەو سەرچاوەیەن کە تیشک و ڕووناکی دەبەخشێت.

ئەو مرۆڤانەی کۆیلەن کەسایەتییان لێ دزراوە، ڕووناکی لە ژیانیان بڕاوە، واتە لە ڕۆژ بێبەش کراون. ئەو مرۆڤانە ڕۆژیان نییە. بە هەمان شێوەش ئەو مرۆڤانەی لە زیندانەکاندان و لە ژێرخانە تەنگ و تاریکەکانەوە تەنها بۆیان هەیە خەون بە ڕووناکیی ڕۆژەوە ببینن، یان بە فەنتازیا تیشک بدوێنن. ئەو مرۆڤانەش ڕۆژیان نییە.

لە ڕۆژی ژندا، مۆمی وشە هەڵدەکەم و لە بەر ڕووناکی ئەو مۆمانەدا یادێک لەو ژنانە دەکەمەوە کە ڕۆژیان نییە، کە کۆیلەن، کە سووک و سانا فرۆشران. یادێک لەو هەژدە کیژەکوردەی کە سەرەتا ئەنفال کران، ئینجا ئەشکەنجە دران، ئینجا فرۆشران بە وڵاتی میسر بۆ ئەوەی لە سەماگەی شەودا سەمای کۆیلانەیان پێبکەن. بەو هەژدە دوێتە گەرمیانییە بێناز و نیازانەی کە دڵم دەیویست و خەونم بەوەوە دەدی لەم ڕۆژەدا، کە ڕۆژی ژنە بماندۆزیبانەوە و بمانهێنابان تا داستانێکی جیاوازی چەوساندنەوە بۆ ئاژانسەکانی دنیا، بۆ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و مافی ژن بگێڕنەوە.

لە ڕۆژی ژندا، ئارەزووم دەکرد بچمە حەج، نەک بۆ ئەوەی ببمە حاجی، نا.. بەڵکە بۆ دۆزینەوەی ئەو دەستەخوشکە ونبووانەم کە ئێستا لەوێن و ژنی دووەم یان سێیەمی ئەو پیاوانەن کە مافی ئەوەیان پێ ڕەوایە چوار "حورمە" لە "حەرەم"یاندا بێ.

لە 8 ی مارتدا، مەیلم لە تەماشای ئەلبوومی ئەو ژنانەیە کە لەسەر "شەرەف" واتە لەسەر"هیچ" کوژران و فڕێدرانە سەرانگوێڵک و پەنا و پەسیوان. ئەوانەی کەلووتیان بڕدرا، گوێیان بڕدرا، سەنگەسار کران.

لە ڕۆژی ژندا، دڵم لای لەیلا زانایە و ئارەزووی باوەشپیاکردنێکی دەکەم، ئەو ژنە قارەمانەی کە لە دە ساڵی ڕەبەقە لە زینداندایە و ڕۆژی لێ گیراوە. ئەو ژنەی کە ناکرێ سەرسام نەبین بە توانا و وره و باوەڕی. ئەو ژنەی کە هەمیشە سیمای شەرمەزاریئامێزی تورکیام دێنێتە پێش چاو.

لە ڕۆژی ژندا، هاوخەمی خۆم بۆ ژنانی خەمدیدە و ستەمدیدەی ئەنفال دەردەبڕم و بە تاسەیەکی پڕ لە ئارەزووەوە پێیان دەڵێم: خۆزگە نەک منی بێدەسەڵات کە ڕەنگە جگە لە هۆنینەوەی سۆز و یادکردنەوە و هەوڵی بچووک هیچم پێ نەکرێ، بریا لە جێی من دەسەڵاتداران بیریان لێ دەکردنەوە. بریا ئەوان هیچ نەبێ لەم ڕۆژەدا یادیان دەکردنەوە.

لە ڕۆژی ژندا، درووود بۆ ئەو ژنانەی ڕۆژیان نییە.

2004/03/08

www.kurdistannet.org